پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- یەک مانگ لە پاش ڕکوع بردن؛ قنوتی دەکرد، نزای دەکرد لەسەر چەند تیرەیەک لە (هۆزی) بەنی سولەیم

لە عاسمەوە دەڵێت: پرسیارم لە ئەنەس کرد -ڕەزای خوای لێبێت- سەبارەت بە قنوت کردن*، ووتی: پێش ڕکوع بردنە، ووتم: فڵان بانگەشەی ئەوە دەکات کە تۆ وتووتە لە پاش ڕکوع بردنە؟ ووتی: هەڵەی ووت، پاشان بۆمانی گێڕایەوە لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم-: «یەک مانگ لە پاش ڕکوع بردن؛ قنوتی دەکرد لەسەر چەند تیرەیەک لە (هۆزی) بەنی سولەیم»، دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چل -یان حەفتا- قورئان خوێنی نارد بۆ لای خەڵکانێک لە موشکریکەکان، بەڵام ڕووبەڕوویان بوونەوە و(قورئان خوێنەکانیان) کوشت، لەکاتێکدا لە نێوان (ئەو موشریکانە) وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پەیمان هەبوو، هەرگیز نەمبینی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕقی لە کەسێک بێتەوە هێندەی ڕق لێبوونی لە ئەوان». *(قنوت کردن: واتا نزا کردن لە ناو نوێژدا لەکاتێک نوێژخوێن بە پێوە وەستاوە)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرمووەیە ئەوە ڕوونەدەکاتەوە کە قنوت کردن* لە کاتی هاتنی ڕووداوی ناخۆش بەسەر مسوڵمانانداا ڕێگەپێدراوە، ئەمیش لە پاش بەرزبوونەوە لە ڕکوع بردن ئەنجامەدرێت چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەم شێوەیە ئەنجامیداوە کاتێک چەند تیرەیەک لە هۆزی بەنی سولەیم پەیمانەکەیان لەگەڵ مسوڵمانان هەڵوەشاندەوە پاش ئەوەی چل یان حەفتا قورئان خوێنیان کوشت کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەوانی ناردبوو بۆ لایان، بۆیە یەک مانگ قنوتی کرد لەسەریان لە پاش بەرزبوونەوە لە ڕکوع بردن، وڕێگەپێدراوە قنوت کردن لە حاڵەتی ئاسایی لە پێش ڕکوع بردن ئەنجامبدرێت ولەوەیە ئەمەیش مەبەستی ئەنەس بێت -ڕەزای خوای لێبێت-. *(قنوت کردن: واتا نزا کردن لە ناو نوێژدا لەکاتێک نوێژخوێن بە پێوە وەستاوە)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10932